# نامەی ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی

**بۆ کچان و کوڕانی لاو لە گۆڕەپانی تەحریر و حەبوبی و گشت گۆڕەپانەکانی مانگرتن و نارەزایەتییەکان، هەروەها بۆ خەباتکارانی بزوتنەوەی یەکسانیخواز و ڕزگاریخواز و چالاکوانانی جولانەوەی گەورەی جەماوەری لە عێراق.**

• دوای ئەوەی عێراق ژمارەیەک تووشبوو و قوربانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بەخۆوە بینی، بەڵام ئێستا کەوتووەتە بەردەم مەترسیی رووبەڕووبوونەوەی بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەم ڤایرۆسە. ئەم نەخۆشییە کە سەرەتا لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ لە چین دەرکەوت و بەخێراییەکی سەرسورهێنەر لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاو بوویەوە و تووشبوانی تا ئامادەکردنی ئەم نامەیە زیاد لە سەد هەزار کەسە، لەکاتێکدا ژمارەی قوربانیانی گەشتووەتە نزیکەی چوار هەزار مرۆڤ بەپێی هەژمارە فەرمییەکان.

• نیزامی سیاسیی دەسەڵاتداری عێراق، بەو پێودانگەی کە نیزامێکی بورژوازی و کۆنەپەرستی بۆگەنە و لەسەر بناغەی پشکێنەی تائیفی و قەومی دامەزراوە و هیچ تایبەتمەندێتییەکی نیزامێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هاوچەرخی نییە؛ پێویستە کە هەستێت بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە بەرامبەر خەڵکیدا لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تەندروستی و فێرکردن و ...هتد. ساڵانی تەمەنی ڕابردووی ئەم ڕژێمە هیچ نەبووە جگە لە ساڵانێکی پڕ لە نەبوونی ئاسایش و سەلامەتی و بڵاوبوونەوەی بێکاری و کەمکردنەوە و نەهێشتنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خۆشگوزەرانییەکان بەشێوەیەکی ترسناک، ساڵانێک بووە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی میلیشیاکان و عەسابەکانی پارت و هێزە سیاسییە قەومی و دینی و تائیفیگەراکان، هەر ئەوانەی کە وایانکردووە، سودمەندبوونی هاوڵاتیان بە سادەترین مافی شارستانی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی ببێتە بابەتێکی محاڵ و عێراقیان گۆڕیوە بە گۆڕەپانی گەندەڵی و دزینی پارەی گشتی و پشتگوێ خستنی بە ئەنقەست.

• لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ٢٠١٩وە، جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێش لە بەغداد و زۆربەی شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقدا، لە بێوێنەترین ڕاپەڕینی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەدا بەگژی ستەم و گەندەڵی و بێکاریدا چوونەوە، ئەویش لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەراندا بۆ هاوڵاتیانی عێراق. ڕاپەڕین داستانێکی خەباتکارانەی تۆمارکرد و تا ئێستاش ڕۆژانە تۆماری دەکات و وێنەیەکی شۆڕشگێڕانەی وا ئەنەخشێنێ کە وێنای باوەڕبوونە بە خۆشەویستی ئەم نەوەیە لە گەنجان بە ژیان و جوانی و بەرگری لە مافەکانیان و کەرامەتیان.

• هێزە ڕاپەڕیوەکان، هەر لە کاتژمێرەکانی سەرەتاوە بە جدی کاریانکرد بۆ گۆڕینی ئەم نیزامە گەندەڵە و لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەڵتەرناتیڤە گەندەڵەکانی تریشیان ڕەت کردەوە و سەرکەوتووش بوون لە پێشکەشکردنی نمونەی زۆر جوان لە بەڕێوەبردن و ڕێکخراوکردن و ئامادەبوون بۆ گیان بەخشین لە داستانێکدا کە مێژووی عێراقی سەردەم بەخۆیەوە نەیبینیوە.

• ئەوە باش دەزانین کە سیاسەتی گەندەڵی و جیاکاری و مۆنۆپۆلکردنی دەرمان و پێویستییە پزیشکییەکان باڵی کێشاوە بەسەر هەموو بەشەکانی تەندروستیدا و تا ڤایرۆسی کرۆناش زیاتر بڵاوببێتەوە ئەم مۆنۆپۆلکردنەش

زیاتر دەبێت. ئەوەش زۆر باش دەزانین کە چینە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن دەستیان بگات بە خزمەتگوزاریی تەندروستی و چارەسەرکردن لە نەخۆشخانە و ناوەندە پزیشکییەکان.

هێزی ڕاپەڕین کە بووە بە هێمای گۆڕانکاری لە تەواوی عێراقدا، ئەمڕۆ لەسەرێتی و ئەرکێتی بۆ دەسپێشخەری بە ڕاگەیاندنی کەمپینێکی تەندروستیی شەعبیی فراوان کە هەموو پارێزگاکانی عێراق بگرێتەوە لە باشورەوە تا باکور، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و نەهێشتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و وەستاندنی کاریگەرییە ڕوخێنەرەکانی. ئەمەش بە دوای ئەوەدا دێت کە گەنجانی ڕاپەڕیو دەسپێشخەری خۆپاراستنیان کرد بۆ ناڕازییەکان لە گۆڕەپانەکانی مانگرتندا.

لە کارە گرنگەکانی ئەم دەسپێشخەرییە پێویستی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێیە بۆ ڕێکخستنی لیژنە و گروپە پزیشکییەکان. ئەم لیژنانە لە کادری پزیشکی و لە خۆبەخشەکان پێکهاتوون و کەلوپەل و پێداویستیی پزیشکی و دەرمان و ناوەندە تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکان بەکاردێنن و کاردەکەن بە شێوەیەکی جدی بۆ ڕابەرایەتیکردنی کەمپینی لەناوبردنی ڤایرۆسی کرۆنا. پێویستە لەسەرمان ئەم کەمپینە بەرەوپێش ببەین و وێنەیەکی دیکە لەسەر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق لەم تەنگژە و ناهەموارییە پێشکەش بکەین، ئەمەش بە دەسپێشخەری و بەخشینی وێنەیەکی خەباتکارانەی سەرسوڕهێنەری جیاواز کە لە ڕاپەڕینی تشرینی پێشڕەودا دەرکەوتووە.

پێدەچێت ئەم لیژنانە بتوانن لە بواری پاراستن و دەستنیشانکردن و بانگەوازدا بە پێی ئەو دەرفەتانەی کە بۆیان ڕەخساوە و بەردەستە، کار بکەن و هەنگاو بنێن.

پێویستە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و چارەسەرکردن بەشێوەیەکی خۆڕایی و بەبێ جیاوازی و جیاکاری بەردەست بێت بۆ هەمووکەسێکی عێراقی هەر لە باکورەوە تاکو باشور.

پێویستە هەموو نەخۆشخانە تایبەتەکان بەکاربهێنرێن بۆ ئەم مەبەستە و لە ژێر چاودێری نوێنەرانی لیژنە تەندروستییە هەڵقوڵاوەکانی ڕاپەڕینەکەدا بن.

ئاشکراکردن و پەردەهەڵماڵین لەسەر گەندەڵی ئەو لایەنانەی کە قۆرخی دەرمان دەکەن.

بەکارهێنانی هەموو ئامرازێکی خەباتکارانەی گونجاو و ڕەخساو بۆ گەشەپێدانی جوڵانەوەکە.

**ئەی کچان و کوڕانی ڕاپەڕین:**

گیانی ڕاپەڕین و شۆڕش خۆی پەنا داوە لە کێشانی ڕوخسار و شێوازێکی تازەدا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیەکی بەتاڵ لە گەندەڵی و جیاکاری و بێکاری و هەژاری. ئەو کۆمەڵگەیەی کە باوەڕی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرقەرارکردنی ئازادییەکان و مافی ڕەوای مرۆڤایەتییە.

ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی

٢٠٢٠/٣/٩